## شارە لە ناوچوە کۆنەکانی پارێزگای سلێمانی

# دانانی شوێنەکانیان و چەند تێبینییەك

کەمال نوری معروف

هەمو لێکۆڵینەوەیەك بەئامانجی ساخکردنەوە ، پێویستی بە ئەساسێکی پتەوو بەهێز هەیە ، بۆ ئەوەی بتوانین بەبەڵگەی زانیارییانەوە رایەکانی لەسەر بنچ بەست بکەین و بیکەینە زنجیرێکی ئەڵقە نەپساوی یەکگرتو ، سەر ئەنجام ئەوەی دەیلێین شتێك بێت ، دوربێت لە پەلەکردن و ناوازەیی . لەم روانگەیەوە باسەکەی دوکتور (حسام الدين النقشبندی) ، مامۆستای مێژووی کورد لە کۆلێجی ئاداب سەربە (زانکۆی سەلاحەدین) م خوێندەوە ، کە بەناوونیشانی (المدن القديمه المندرسة في محافظة السليمانية وتعيين مواقعها) ، لە ژمارە (٣٤) ی گۆڤاری کاروان ( ل ١٥٠ ـ ١٥٩) ، بڵاوی کردەوە . پێشەکی پیرۆزبایی لەکاکی نووسەر دەکەم ، بەوەی هەولو تەقەلایەکی فرەو بەتوانای داوەو پەنای بردوتە بەر گەلێك سەرچاوەی بە نرخ تاوەکو توانیویتی باسەکەی تەواو بکاتو ، رایەکانی ساخبکاتەوەو ئەوەی لێپێك بێنێت کەلەبەر دەستمانایە . ئەوەی من لێرەدا ئەمەوێ توێژی لەسەر بکەم ، تەنیا لەسەر ئەو رایانەیە کە مامۆستای بەرێز لەسەر شارەزور هێناویەتیەوەو ئەیەوی بڵێت : لە کۆنا شارەزور ، وەکو شارێك نەبوەو ئەو (شارەزور) ەی مێژوو نووسە موسڵمانەکان قسەی لێوە دەکەن و ناوی دەبەن و لەبارەیەوە دەدوێن ، گوایە شارێکی گەورەو ئاوەدان بوە ، لەسەردەمی عەباسی یەکان و دوای ئەوان تەنیا خورماڵ دەگرێتەوە . وەکو بڵێ :

(شارەزور) و (خورماڵ) دوو ناون لە راستییا بەیەك شوێن دەوترێ ، ئەویش (خورماڵ) ە . بەمە ئەتوانین بڵێین برای نووسەر باوەڕی بەوڕایە نییە ،دان بەبونی شارەزوردا وەکو شارێکی کۆنی ئاوەدان لە دورترین سەردەمەوە بنێت . ئەوەی من لەنووسینەکەی مامۆستا رەچاوی دەکەم ، ئەوەیە کەرایەکانی وەکو لەپێشەوە باسم کرد ، هەندێ پەلەکردنی پێوە دیارەو نەیتوانیوە بەباشی بچێتە ناو باسەکەوەو پەردە لە روی شارەزور لابەرێت و شوێنی خۆی لە مێژوودا بداتێ . لە هەمان

کاتیشدا هەندێ نیشارەتی مێژوویی هەن ، پەنجەی بۆرانەکێشاون ، بەمە باسەکەی لەهەندێ زانیاری مێژوویی بێبەش کردوە ، کە ئەیتوانی سودی گەورەیان لێوەدەست



بێنێ بۆ ساخ کردنەوەی بونی شارەزور ، بۆئەوەی خورماڵ لە شوێنی شارەزور دانەنرێتو هەریەك لەو دوو شوێنەوارە بخرێنەوە شوێنی گونجاوی خۆیان . وەکو زانراو یشە خورماڵ ناکەوێتە ناو زەوی شارەزورو لەسەر سنوریتی . من ناڵێم خورماڵ لە مێژووی کۆنی شارە زوردا ، دەوری نەبینیوە ،

بەڵام دەور بینینەکەی تەنیا لەسەردەمە ئیسلامی یەکە زیاتر تیەری نەکردوەو مەرکەزی فەرمان رەوا میر نشینە کوردی یەکانی یەك لە دوای یەك بوەو لەوێوە حوکمی شارەزورو شوێنەکانی دیکەیان کردوە . بەڵام ئەگەر بونی شارەزور لە ڕوانگەی ئاسارەوە وەربگرین ، پێویستە بگەرێینەوە بۆ ئەو سەردەمە کۆنە مێژووییەی لە شارەزوردا ، شارێکی گەورە دروستکراوە ، وەکو مێژوو باسی لێوە دەکات ، بەلام شوێنەوارەکەی ونەو تاکو ئێستاکە ساخ نەبوتەوە دەکەوێتە کوێوە ، وەکو چۆن (ئەکەد) پایتەختی ئەکەدی یەکان شوینەوارەکەی نازانرێ . والێرەدا ئەم چەند تێبینی یە ـمخەمەڕو بەهیوای ئەوەی بیکەمە بەردی بناغە بۆ قسەکردن

ـەسەر باسەکەو دواییش بەڵگەی بەجێ بێنمەوە لەسەر بونی شارەزور ، بۆ ئەوەی ناوی لە مێژوودا وون نەکەینو ، هەروا بەشەکاوەیی بمینێتەوە .

١ ـ مامۆستا حسام الدین دەڵێ : (بەرێوەبەرێتی ئاساری کۆن بەهۆی ئەو کنەو پشکنینانەی لە ساڵی « ١٩٥٩ ـ ١٩٦٠ » لە دەشتی شارەزور لە گردی (قورتاس) کردی ، چینێکی دۆزی یەوە ، دەگەرێتەوە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو (٤٥٠٠ پ.ز) هی سەردەمی ناسراو لەچاخی عوبید ـ کاروان ژ ٣٤ ـ ل ١٥٠) . لەمەدا مامۆستای خۆشەویست لە دانانی ساڵەکەدا کەوتوەتە هەڵەوەو راستی یەکەی ، سەردەمی عوبید لە (٤٣٠٠ ـ ٣٥٠٠ پ.ز) دەست پێ دەکات .

٢ ـ مامۆستا حسام الدین دەڵێ : (میستەر ریچ دەڵێ : شوێنی شاری شارەزوری کۆن ، دەکەوێتە قەلای کچی وە ، خواروی ڕۆژهەلاتی (عەربەت) ی ئێستا ، کە دووسەعات لێوەی دورەو نزیك گوندی بێستان سورە ـ ل ١٥٢) . بۆ ئەم مەبەستە کتێبەکەی (میستەر ریچ) م کردەوەو سەیری ئەو لاپەرەیەم کرد مامۆستا پەنای بردبوە بەر بۆ وەر گرتنی رایەکە ، بۆم دەرکەوت (ریچ) لەمەدا ، رای تایبەتی خۆی نەبوەو قسەی وای نەگوتوە ، بەڵکو قسەکە بەناوی (عوسمان پاشای جاف) ە وە دەکاتو دەڵێت : (پاشا ئەمرۆ پێ ی ووتم : باوەرم وایە ، شارە کۆنەکە بکەوێتە قەلای کچی وە ، نزیك بێستانسور ، لە ناوچەی شارەزور)[1] . ئەوەی مامۆستا دەیڵێت لەگەڵ ئەوەی ناو کتێبەکەدا یەك ناگرێتەوە . هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا (ریچ) دەڵێت : (کوردەکان بەگشتی هەمویان لەسەر ئەو رایەن . کە شارێك هەبێت بە ناوی شارەزور ، ئەم ناو نانەش بەگشتی دەگەرێتەوە بۆ ناوچەکە ، کە ئێستا پێ ی ناسراوە)[2] . ئەمەش ئەوە دەگەیەنی شارەزور بەماوەیەکی دورو درێژ ، لەناوی شارێ کەوە ، لای دانیشتوانەکەی ، گۆڕابێت ، بۆ ناوی ناوچەکەو ، شوینەوارە دێرینەکەی شارەزور ، وەکو شارێك لە بیر چوبێتەوە .



٣ ـ مامۆستا حسام الدين دەڵێ : (گەرۆك موسەعەری کوری موهەلهەل وەسفی شاری ، نیم ئەزرای (شارەزور) دەکات : بەوەی شاخێکی لێوە نزیکە ، ناسراوە بە (شەعران « هەورامان ») ، یەکێکی دیکەش ناسراوە بەزەڵم (کەژەی زەڵم) هەروەها مامۆستا دەڵێت : ئەم وەسف کردنە لەگەڵ شوینەواری دیرینەی خورماڵدا ، یەك دەگرنەوە ، وەك لەوەی لەگەڵ شوینەواری (یاسین تەپە) و (بەکراوا) یەك بگرنەوە ـ ژ ٣٤ ـ ل ١٥٢) .

ئەوەی من بۆی دەچم ، کاکی نووسەر نەیتوانیوە بە باشی وەسفەکە بخاتە ناوچوار چێوەی تایبەتی خۆیەوە بەوەی کە دەڵێت : ئەو وەسفە لەگەڵ شوینەواری خورماڵدا ، دەگونجێت ـ خۆنەگەر ئەمە وابێت ، ئەبێت بۆچی (موسەعەر) ووشەی (نزیك) بەکار بێنێت ، لەکاتێکدا شاخی هەورامانو کەژی زەڵم ، دەکەونە بن دەستی خۆرماڵ . لەبەر ئەوە ئەتوانم بلێم ووشەی نزیك زیاتر بۆ (شارەزور) ە، وەك لەوەی بۆ خورماڵ بێت . لە هەمان کاتیشدا (موسەعەر) لەلایەکی دیکە دەڵێت : (لە نێوان « شارەزور » و « شیز » دا ، شارێکی گچکە هەیە پێیان دەوت (دزدان) ، لەسەر شێوەی (شیز) دروست کرابو ، لە ناویا گۆمێك هەبو ، ئاوەکەی بەرەو دەرەوەی شارەکە دەرویشت ، ئەسپ بەسەر شورەکەیدا ، بەهۆی گەورەییو پانییەوە غاریدەکرد ، شارێکی قایمبو ، نەکوردەکانو نەوالیەکانونەرەعی یەتەکەی نەیان دەویرا توخنی بکەون . زۆر جار کەسەیری سەروکەکەیم دەکرد پێیان دەوت : میر ، لە قولەیەك لەسەر دەرگایەکی بەرز دروست کرابو ، دائەنیشت .. هەروەها دەڵێت : ئەم شارە مزگەوتێکی تێدایەو شارێکی سەرکەوتوشە[٣] ..

ئەم وەسفە دەقاودەق شوینەواری دێرینەی خورماڵ دەگرێتەوەو پەیوەندی بەشوینەواری دیکەوە نییە ، ناوبردنیشی بە (دزدان) ئەوەمان بۆروون دەکاتەوە کە خورماڵ شارێکی جودایەو ناتوانین لەگەڵ شارەزور لەیەکیان بدەین ، یاوەکو ئاڵوگۆر بە شوینەکانیان بکەین چونکە هەریەکی لەم دووشارە ، شوینی تایبەتی خۆیان هەیەو سنورێکی دیاری کراوی جودایان بۆ دەست نیشان کراوە .

٤ ـ مامۆستا حسام الدين دەڵێ : (یاسین تەپەو بەکراوا ، لەگەڵ ئەوەشدا بەرزن ، روانینێکی تەواو بەسەر دەشتەکەدا ناروانن ، یەکەمیان دەکەوێتە کۆتایی سەروی رۆژ ئاواوەو ناکەوێتە سەر روبار ، بەلام هەندێ کانی لێوە نزیکە ، ئاوەکانیان بەشی شارێك ناکەن ، وەکو وەسفی دەکەن بەوەی گەورە بوەو پایتەختی هەرێمێك بوە ـژ ٣٤ ـ ل ١٥٣) ئەوەی مامۆستا حسام قسەی لێوە دەکات کە دەڵێت : لەگەڵ ئەوەشدا یاسین تەپەو بەکراوا بەرزن ، بەلام بەسەر دەشتەکەدا بە تەواوی ناروانن ، لە شوینی خۆیدا نیە . هەرچەند لە بەرزیدا بەکراوا بەرزترە بەلام ئەگەر لەسەر بەکراوا ، یان یاسین تەپە بوەستین ، دەشتە کەی شارەزور دەکەوێتە بەر دەممانو بەهەر لایەکدا بروانین ، هەردەشتەو درێژ بوتەوە . ئەوەی من دەیلێم سەرئەنجامی چەند جارێك دیدەنیمە بۆناوچەکە ، بۆم دەرکەوت ئەو دوو شوینەوارە ، لە هەمو شوینەوارە دێرینەکانی دیکەی دەشتەکە زیاتر بەرزترنو دەروانن بەسەر دەشتەکەدا . بەلام ئەوەی کە دەڵێت : ئەوچەند کانییەی لە نزیك یاسینتەپەوەیە ، بەسی نییە ، بۆئەوەی

ئاوی شارێك بدات ، دورکەوتنەوەیە لە راستی ، چونکە ئەوەی گردی (یاسین تەپە) ی بینیبێ ، ئەزانی تا چ سنورێك ئاوەکەی زۆرەو گەیشتن بەگردەکە ، بەهۆی ئەوەی لە هەمو لایەکەوە ئاو دەوری داوە چەند نارەحەتە[٤] . لە ساڵی (١٩٧٣) ، پێش ئەوەی دەزگای ئاسار دەست بکات بەکنەو پشکنین تیایا ، لەبەر زۆری ئاوەکە هاتن پردێکیان دروست کرد ، بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە گردەکەو ئیشوکاریان بە هۆیەوە ئاسان بکات . جگە لەوەش لەبەر زۆری ئاوەکەو باشی بۆ خواردنەوە ، میری لەم چەند ساڵەی دواییدا ، بۆرییەکی ئاوی لەوێوە راکێشا بۆ (عەربەت) ی خوارو ، بەهۆیەوە یەك ، دوو ، هەزار ماڵ ئاوی لێوەردەگرن . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ، ئەگەر شوێنەوارەکەی یاسین تەپە ، شوێنەواری شارەزوری کۆنی تێدا بوبێت ، بۆ ئاو پەکیان نەکەوتوە ، بە پێچەوانەی ئەوەی کاکی نووسەر بۆی دەچێت . باوەریش ناکەم شارەکەی شارەزور لەو کاتەدا لەچەند هەزار ماڵێك زیاتر تێپەری کردبێت . بەڵام بەکراوا بەهۆی پرسینم لەپاسەوانەکەی کە ناوی مەحمود کەریم حەمە بو ، بوم دەرکەوت دانیشتوانی شوێنەوارە دێرینەکەی بەکراوا ، ئاویان لەو بیرانە خواردوتەوە کە ئێستا دەکەونە ناوگردەکەوەو کنەو پشکنینی ئاسار لەم ساڵانەی دواییدا دەری خستن و ئێستاش ماون و هەرکەسی بیەوێت ، ئەتوانی بیان بینێت . جگە لەوانەش کانیاوی دیکە هەن لەدەرەوەی گردەکە ، ئەتوانرێ سودیان لێ ببینرێت . هەروەها مامۆستا دەڵێ : (زۆری ئاسارو کەلاوە کۆن ، کە بۆ هەشت ، نۆ کیلومەتر ، زیاتر درێژ بوتەوە لەنێوان دوڵی زەڵم و شوێنی (خورماڵ) ی ئێستا بەڵگەیەکی دەرکەوتوە ، بۆ نیشانەی پاشماوەی شارێکی گەورە ـ ژ ٣٤ ـ ل ١٥٣) لێرەدا دەڵێم ، ئەو ئاسارە زۆرەی برای نووسەر پەنجەی بۆ راکێشاوە ئەوە ناگەیەنێ لەو شوێنەدا شارێك بوبێت ، بەڵکوو باشتروابو ، بیووتایە ، پاشماوەی ئەو ئاسارانە ، بەڵگەی جێگیربونی مرۆڤ و رادەی پێشکەوتنی ، پیشان ئەدات کە ئەوە دوای ئەوە لەوێدا ماونەتەوەو ناوچەکەیان ئاوەدان کردوتەوە . ئەوەی زیاتریش ئەم لایەنەمان بۆرون دەکاتەوە ، کنەو پشکنینی دامەزراوی ئاساری گشتی‌یە ، لەدوا رۆژدا . وەکو ووتم ، ئەوەی لەسەری دوام ، وتوویژ کردن بو لەسەر ئەوخاڵانەی مامۆستا هێنابونیەوە ، بۆئەوەی رایەکانی لەسەر دابمەزرێنێت . ئەو چەند بەڵگانەش لێرەدا ، دەیان هێنمەوەو لێیان دەدوێم ، بەلای منەوە ، بونی شارەزور ، وەکو شارێك ئەچەسپێنێ ، کە لە کۆنا بوە، ئێستا شوێنەوارەکەی‌ونە ، ئەمەیان باسێکی‌دیکەیە ، دڵنیام لەوەی دوارۆژ ، کنەو پشکنین ، ئەو شوینەوارە دێرینەی (شارەزور) دەرئەخات . بەڵگەکانیش ئەمانەن :

١ ـ کاتێك نەرامسن بەسەرلولوییەکاندا ، لە شاخی قەرەداخ لەدەربەندگاور ، سەرکەوت (٢٢٥٤ ـ ٢٢٣٠ پ . ز) سوپای ئەکەدی تا ناوچەی شارەزور ، دوای لولوییەکان کەوتن‌و ، لەوێدانەرام سن میلی بەردینی سەرکەوتنی دانا ، کەرەمزی سەرکەوتنەکەی[٥] بو . ئەمە ئەوە دەگەیەنی شارەزور لە کۆنەوە ئاوەدان بوەو لانەی شارستانێتی مرۆڤی پێشکەوتو بوە . ئەوەی زیاتر ئەمەی سەلماندو چەسپاندی کنەو پشکنینی بەرێوەبەرێتی ئاساری گشتی‌یە ، دەری‌خست کە دەشتی شارەزور ، دەوڵەمەندترین ناوچەیە بەپاشماوەی دێرین . بونی هەمو ئەو گردو ، گردۆلکەیە ، بەڵگەی زیندوی باسەکەن ، هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بەپیتو بەرەکەتی زەوی‌و زۆری ئاووبەرهەم هێنانی زۆر[٦] . لە ساڵی ١٩٦٠ ، بەهۆی کنەو پشکنینەوە لەم دەشتەدا ، هەندێ بەردە ئەستێ دۆزرانەوە کە دەگەرێنەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن ، هەروەها پاشماوەی ئەو زەمانە دۆفۆزرایەوە کە مرۆڤ پێش هەزاران ساڵ تیایا فێری کشتوکاڵ‌بوە ، لەگەڵ پاشماوەی دێرینی سۆمەری‌و بابلی‌و ئاشوری ، یان نزیك بەوان . دانیشتوانی ئەم شوێنە پەیوەندی شارستانێتی گەورەیان ، بەبەردەوامی لەگەڵ شارەکانی دیکەی عێراقدا ، لەهەمو چاخە مێژوویەکاندا هەبوە . گرنگترین

نـەوشتـانــەی دۆزرانـەوە بـەدەست هێنـانی (دوو) شارستانێتی تازەبو ، یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠٠) ساڵ پ . ز ، لەکۆمەڵێك گۆزەو گڵێنە پیشان ئەدرێن ، کە بە چەند شێوەیەکی جیاواز دروست کراو نووینەی جوانیان لەسەر کراوە ، بەچەند بۆیەیەك کە ناچێتەوە . ئەمـەش ئەوە دەگەیەنی ئەو زەمـانەی کـە تیا دروست کـراوە ، زەمانێکی ئاوەدانی و دەوڵەمەندی بـوەو دانیشتوەکـانی خاوەن هەستێکی بەرزبون . شارستانێتی تازەی دووەم ، دەگـەڕێتەوە بـۆ نـاوەراستی (دووهـەزار) سـاڵ پ . ز ئێستا شاملۆی پێدەوترێ بە ناوی گردی شـاملۆوە ، کەدەکەوێتە خوار پردە کۆنەکەی زەڵم ، لەدوری چـەند کیلومەترێك ، کۆمەڵێك پاشماوەی دێرینی تیا دۆزرایەوە ، هەتاکو ئێستاکە نە لە عێراق و نەلە دەرەوەی عێـراق ، لە وولاتە دراوسێکان وێنەی نیە ، مێژووی زەمانەکەشی نزیکە لە چاخی خوری (دووهەزار ساڵ پ .ز)[٧] .

٢ ـ لە سـاڵی (١٩٧٣) ، بـەڕێـوەبـەرێتی ئـاسـاری گشتی لەبەغدا ، هەڵسا بە ناردنی دەزگایەك بـۆ گردی یـاسین تەپە ، بە ئامانجی کنەو پشکنین تیایا لەبەر ئەم هۆیانە :

أ ـ گەران بەدوای شـاری (ئاسـور) کە (دور ـ ئـاشور) ی پێوتراوەو پاشای ئاشوری (ئاشور ناسـرپاڵ) (٨٨٣ ـ ٨٥٩ پ . ز) لەسەر کەلاوەکانی شاری لولو ، ناسراو بە (ئەتلیلا) دروستی کرد[٨] .

ب ـ بۆ زانینی مێژووی ناوچەکە لەسەر دەمی ئەکەدیەکان و دوای ئەوان ، بۆ ئەوەی ببێتە یارمەتی دەرێك ، تیشك بخەینە سەر گوتی یەکان ، کە فەرمان رەوای عێراقی یان بۆ ماوەی زیاتر لەسەدەیەك کرد .

جـ ـ یاسین تەپە لەبەر ئەوەی ٢٥ مەتر بەرزە ، ئەم بەرزی یە وامان لێدەکات بڵێین : چینەکانی ناوەوەی ، هەمو ئەو چاخە مێـژووییانـەی لە خۆ گـرتوە ، کـە بـەسـەر نـاوچـەکـەدا ، تێپەڕیوە[٩] . ئەوەی من لێرەدا ئەمەوی قسەی لەسەر بکەم ، خاڵی یەکەمەو قسەکردنـە لەسەر شـاری (دور ـ ئاشـور) ی ئاشوری . لەوانەیە (دور ـ ئاشور) ، هەمان ئەو شارە بێت ، کـە ئێستا لای ئێمـە بەشـارەزور ، ناسـراوە ، بە هـۆی ئەو گۆڕانەی بەسەر ناوەکەدا هاتوە ، لە کۆنەوە بۆ تازە . خۆئەگەر ئەمە راست بێت ، ئەتوانین ئەو گۆڕانە بـەم شێوەیـە پیشان بدەین : (دور ـ ئاشور) بوە بە (ئاشور ـ دور) ، (شار ـ دور) بۆ (شار ـ ذور) یان (شار ـ زور) . ئەم گۆڕانەش کە بە سەر ئەم جۆرە ناوانەدا دێن ، شتێکی سروشتی یە ، ئەتوانـین لە زۆربەی ناوە مێژووییەکاندا رەچاویان بکەین ، نمونەش بۆ ئەمە (بێتوانە) و (مەسۆ) و گەلێکی دیکەیە . گێرانەوەشیان بۆ سەر ئـەسڵەکانیـان ، هەروا شتێکی ئـاسان نیـە ، ئەو کـەسەی ساخیان دەکاتەوە ، پێویستە شارەزاییەکی تەواوی لە مێژووی کۆن و ئاسارو زانیاری یەکانی دیکە هەبێت . ئەوەی قسەم لێوە کرد ، رایەکە ئەتوانین بیخەینە پاڵ رایەکانی دیکە ، قسـەی تەواویش لەمەدا ، تەنیا کنەو پشکنینی دامەزراوی ئـاساری گشتی لە دوا رۆژدا ، دەری ئەخات . هیـوادارم بەم چـەند تێ بینی یە ، توانیبێتم خزمەتێکم بە مێژووی ئەم گەلە رەسەنەم کردبێت و دڵی مامۆستا (حسـام الدین) پشم زویر نـەکردبێت و بەسنگێکی فراوانەوە لێمیان وەربگرێت .

## پەراوێزەکان

١ ـ کلودیوس جیمس ریچ ـ رحلة ریچ في العراق عام ١٨٢٠ ـ الجزء الاول ـ نقلها الى العربیة بهاء الدین نوري ـ ١٩٥١ ـ ل ١٩١ .

٢ ـ کلودیوس جیمس ریچ ـ هەمان سەرچاوەی پێشو ـ ل ٧٩ .

٣ ـ یاقوت الحمـوي ـ معجم البلدان ـ المجلد الثالث ـ دار احیـاء التراث العربي بیروت ـ لبنان ـ ل ٣٧٥ ـ ٣٧٦ .

٤ ـ سـومر ـ الجـزء الاول والثاني ـ المجلد السـادس والعشـرون ١٩٧٠ ـ ل ٣٥٢ .

٥ ـ د. فاضل عبدالواحد علي ـ محاضرات علی طلاب کلیة الاداب ـ قسم الاثار ـ تاریخ الشرق ـ السنة الثالثة ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ .

٦ ـ کەمال نوری ، گۆڤاری بەیان ، ژمارە ٤٨ ئازارو نیسانی ١٩٧٨ ل ٥٢

٧ ـ سومر ١٩٦٠ ـ المجلد السادس عشر ـ الجزء الاول والثاني ـ ل ١٣٦ .

٨ ـ طه باقر ـ مقدمة في تاریخ الحضارات القدیمة ـ جـ ١ ـ ل ٤٩٩ .

٩ ـ اسماعیل حجارة ـ سومر ـ الـ الاول والثاني ـ المجلد التاسع والعشرون ١٩٧٣ ـ ل ص/ج .